# ڕۆڵی موزیك و گۆرانی لە بۆنە کلتورییەکانی شاری کۆیەدا

**ئیدریس حەکیم عەبدولڕەحمان [١]، ڕێکار عوسمان ڕەشید [٢]**

[١،٢] بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان،عیراق

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا، باس لە بۆنە کلتورییەکان دەکەین، کە زۆر باون و موزیك و گۆرانی ڕۆڵیان تێیاندا هەیە. مەبەستمانە بڵێین کە هونەری موزیك و گۆرانی، ڕۆڵی بەرچاوی لەسەر لایەنی کلتوریی ئەم ناوچەیە هەیە. ئامانجمانە ڕەفتارە کلتورییەکان بەدیاربخەین و کاریگەریی موزیك و گۆرانی لەسەر بۆنە کلتورییەکان بخەینەڕو. لە ڕوی میتۆدۆلۆجییەوە، (ڕێبازی چۆنایەتی)مان بەکارهێناوە. هەروەها نمونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان تایبەتە بە ناوچەی شاری کۆیە. ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکی زانستیی گرنگی بواری توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆجیای موزیکە و خوێندنەوەیەکی هونەرییانەیە. پێشنیازدەکەین کە جگە لە کۆلێژ و پەیمانگاکان وانەی (ئەنترۆپۆلۆجیی موزیک)، ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت، پێویستە لە ناوەندەکانی خوێندنی بنەڕەتی و دواناوەندی بخوێنرێت، بۆ ئەوەی هەستی پاراستنی کلتوری نەتەوەیی لە هزر و بیریاندا بمێنێتەوە .پرسیاری توێژینەوە ئەمەیە: ئایا ئەم بۆنە کلتورییانە، کە موزیك و گۆرانی کاریگەرییان لەسەریان هەیە کامانەن؟ بۆنەکان لە نێوان موسڵمانان و مەسیحییەکاندا جیاوازییان هەیە؟ ئایا بۆچی بۆنە کلتورییەکان ئێستا ڕو لە لەناوچونن؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەڵێین: بەڵێ زۆر لە بۆنە کلتورییەکان لەم ناوچەیە جیاوازی لە نێوان بۆنە کلتورییە ئاینییەکانی نێوان ئیسلام و مەسیحیدا هەیە، بۆنە کلتورییەکان ئێستا، بەداخەوە، ڕو لە لەناواچونن، ئەمەش لەبەر دو هۆکار: یەکەم، بەرەوپێشچونی تەکنەلۆژیا، دووەم، هاتنی ڤایرۆسی (کۆڕۆنا) لە ساڵی (٢٠١٩)، وای کردووە ئەنجامدانی ئەم بۆنە کلتورییانە ئێستا بەشێوەیەکی بەرچاو کاڵ ببنەوە. لە ئەنجامی توێژینەوەکەمان بەوە گەیشتین کە موزیك و گۆرانی ڕۆڵی بەرچاویان لە بۆنە کلتورییەکانی ناوچەکەدا هەیە. کۆیە، خاوەنی پێگەیەکی بەهێزە لە ڕوی کلتوری، هونەری موزیک، گۆرانی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئاینی، سیاسی، ئابوری و ...

**وشە سەرەکییەکان:** موزیك، گۆرانی، ئەنترۆپۆلۆجی، کلتور، کۆیە

## ١. پێشەکی [١]

هەر کۆمەڵگەیەك خاوەنی شێواز و ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری تایبەت بە خۆیەتی، ئیتر ئەو ژیان و کلتورە سادە و سەرەتایی، یا ئاڵۆز و گەشەکردو بێت. بەپێی ناوچەکانیش ئەم کلتورە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. هەروەها کاریگەریی موزیك و گۆرانیش لە بۆنە کلتورییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە هەمان شێوە گۆڕانی بەسەردا دێت. هەروەك فەیلەسوفی یۆنانی (هیراکلیتس) گوتویەتی: (گۆڕان یاسای مان و بونە، نەگۆڕیش مردن و لەناوچونە) . Kurdipedia. Org (https://fa.m.wikipedia.org).

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی موزیك و گۆرانی لە بۆنە کلتورییەکانی شاری کۆیە)، کە توێژینەوەیەکی (ئەنترۆپۆلۆجییە)، ئەنجامدراوە. سەرەتا پێناسەیەکی ئەم ناونیشانە دەکەین و دەڵێین: ئەم توێژینەوەیەمان لەسەر بۆنە کلتورییەکان و کاریگەریی موزیك و گۆرانی بەسەریانەوە، لە کۆیە و گوندی هەرمۆتە ئەنجامداوە، بێگومان هەمو نەتەوەیەك کلتوری تایبەت بە خۆی هەیە و بەپێی ناوچەکانیش موزیك و گۆرانی ڕۆڵی جیاوازی بەسەر کلتورەکانیانەوە هەیە. لە ناوچەی کۆیە و گوندی هەرمۆتەش هەندێک بۆنە هەیە لەوانە (جەژنی خاچ لە گوندی هەرمۆتە)، بۆنەی بوکگواستنەوە لە نێو موسڵمانانی شاری کۆیە و مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە، بۆنەی نەورۆز و سەیران لە شاری کۆیە، بۆنەی ئاگرە پایزە، جەژنی سەری ساڵ لەنێو مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە). ئەمانە بۆنەی کلتورین کە موزیک و گۆرانی کاریگەریی لەسەریان هەیە، وەک لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان باسمانکردووە. لەم توێژینەوەیەدا ئەم پرسیارانە دەخەینە ڕوو: ڕۆڵی موزیك و گۆرانی لەسەر بۆنە کلتورییەکان چییە؟ ئایا ئەم بۆنە کلتورییانە کامانەن، کە موزیك و گۆرانی کاریگەریی لەسەریان هەیە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین ئەم بۆنە کلتورییانەی کە موزیک و گۆرانی کاریگەرییان لەسەری هەیە، بریتین لە: (بۆنەی نەورۆز و سەیران لە شاری کۆیە، بۆنەی ئاهەنگی بوکگواستنەوە لە کۆیە بۆنەی ئاهەنگی بوکگواستنەوە لەنێو مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە، بۆنەی کلتوریی جەژنی خاچ لە گوندی هەرمۆتە)، ئایا بۆنە کلتورییە ئاینییەکانی نێوان ئیسلام و مەسیحی لە کۆیە جیاوازییان چییە؟ بۆچی ئێستا بۆنە کلتورییەکان ڕو

[١] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی 9، ژمارە 2 (2026)
ڕێککەوتی: وەرگرتن 8 ئادار 2025؛ پەسەندکردن: 20 نیسان 2025
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٨ تەمووز، ٢٠٢٦ بلاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: edris.abdulrahman@su.edu.krd

مافی چاپ و بلاوکردنەوە © 2026 ئیدریس حەکیم عەبدولڕەحمان، ڕێکار عوسمان ڕەشید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp268-276

له لەناوچونن؟ له وەڵامی ئەو پرسیارانە دەڵێین: بەڵێ زۆر له بۆنە کلتورییەکان لەم ناوچەیە، جیاوازی له نێوان بۆنە کلتوریيە ئاينییەکانی نێوان ئیسلام و مەسیحیدا هەیە، ئێستا، بۆنە کلتورییەکان، بەداخەوە کەم یاد دەکرێنەوە، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار: یەکەم بەرەوپێشچونی تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی گشتی، دووەم هاتنی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) وای کردووە ئەم بۆنە کلتورییانە ئێستا بەرەو لەناوچون بچن .

ئامانجمان لەم توێژینەوەیە ئەوەیە جگە لە ناساندنی هونەری موزيك و گۆرانی کە ڕۆڵی لەسەر کلتوری ئەم ناوچەیە هەیە، کە بێگومان جیاوازی زۆر لە بۆنە کلتورییەکان و شێوازی موزيك و گۆرانی هەیە، هەر ناوچەیەک تایبەتمەندیی خۆی لە فۆڕم و ئاوازە موزیکییەکان هەیە. لێرەدا ئاماژە بە شاری کۆیە دەکەین، بۆنە کلتورییەکان دەخەینەڕو، کە موزيك و گۆرانی کاریگەریی لەسەریان هەیە .

کێشەی توێژینەوەکە ئەوەیە ئەم بۆنە کلتورییانە، کە وەك ناسیۆنالیزمی نەتەوەییە، کەچی ئێستا ڕو لە لەناوچونن، یان بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردو کەمتر ئەم بۆنانە یاددەکرێنەوە. بیگومان ئەمە کێشەیە بۆ گشت نەتەوەیەك، چونکە بەرەوپێشچونی شارستانیەتی گشت نەتەوەیەك بەشێکی بەندە بە بونی بۆنەی کلتوری و لایەنی مێژوییەوە .

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە ناساندنی بۆنە کلتوری و موزيك و گۆرانییەکانیانە لە شاری کۆیە، کە ئەم بۆنە کلتورییانە لە کۆیە هەن و موزيك و گۆرانییش کاریگەریی لەسەریان هەیە، بۆنەکانیش وەك بۆنەی مەولودخوێندنەوە و ئاگرە پایزە و بوکگواستنەوە و سەیران و نەورۆز و تەنانەت بۆنەی پرسەش، کە (هەندێک جار)، موزيك و گۆرانی تێیدا بەکاردێت، هەمو ئەم بۆنە کلتورییانە دەخەینەڕو بۆ ئەوەی دانیشتوانی ناوچەکە و دەرەوەی شاری کۆیە ئاشنابن بەم بۆنە کلتوریانەی کۆیە.

سەبارەت بە بەکارهێنانی میتۆدی توێژینەوەکە ڕێبازی (چۆنایەتی)مان بەکارهێناوە، لەڕوی نوسین و سەرچاوە شێوازی (هارڤارد)مان بەکارهێناوە. سەرەنجام دەمانەوێت بڵێین، ئەوەی لێرە مەبەستمانە باسکردن و خستنەڕوی بۆنە کلتورییەکانی ناوچەی کۆیە و کاریگەریی موزيك و گۆرانییە لەسەریان .

سنوری توێژینەوە، لە ڕوی جوگرافییەوە ناوچەی کۆیە، لە ڕوی سنوری بابەتەوە ئەترۆپۆلۆجییە، ڕۆڵی موزيك و گۆرانی لە بۆنە کلتورییەکانی ناوچەی کۆیە، سنوری کات (٢٠٠٠-٢٠٢٤)ز.

## ١.١ گرفتی توێژینەوەکە :

گرفتی توێژینەوەکە لەم بابەتە ئەوەیە، ئەو توێژەرانەی توێژینەوەیان لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامداوە، کەسانێکی ئاکادیمی نین، بەو واتایە کە لە بواری پسپۆڕی موزیک بەشێوازی زانستیانە نەیانخوێندووە، ئەمە کێشەیە کە ئاماژە بە هەندێک زانیاری بکرێت لەسەر موزیک و گۆرانی و بۆنەی کلتوری یان هەرناونیشانێکی تر، بەڵام سەرچاوەکان و زانیارییەکان دوربن لەڕاستی! جگە لەمەش زۆر بۆنە کلتورییەکان کە موزيك و گۆرانی ڕۆڵیان تێیدا هەبووە تا دێت ڕو لە لەناوچونن، بە نمونە (خوێندنەوەی مەولود) لە شاری کۆیە، کە کلتورێك بو، بەڵام ئێستا، بەداخەوە، هەندێك بۆنە کلتورییەکان کە باوبون نەماون و لە ناوچوون .

## ١. ٢ گرنگیی توێژینەوەکە :

گرنگیی زانستیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە هەنگاوێکی بواری توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆجیایە و تیشکخستنە سەر ڕەهەندی بۆنە کلتورییەکان و موزيك و گۆرانییە. کارێکی مرۆڤایەتیی گرنگە بۆ ئەوەی کار لەسەر کلتوری نەتەوەیی بکرێت، چونکە هەر نەتەوەیەکی خاوەن شارستانییەت، کلتوری تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە جێگای بایەخ و گرنگیی گشت لایەك، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا گشت ئەو بۆنە کلتورییانە دەخەینەڕو بۆ بەرچاوڕونی و شارەزاییی خوێنەر. ئەمەش لە پێناو سەلماندنی ئەوەی موزيك و گۆرانی ڕۆڵیان لەسەر بۆنە کلتوریەکان هەیە لە شاری کۆیە.

## ١. ٣ ئامانجی توێژینەوەکە:

جگە لە ناساندنی هونەری موزيك و گۆرانی لە کۆیە، کە کاریگەری لەسەر کلتورە جیاوازەکانی شاری کۆیە و گوندی هەرمۆتە هەیە، ئامانجمانە ڕەفتارە کلتورییەکان بە دیاربخەین، لەگەڵ سروشتی گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتیی شاری کۆیە لە ڕوی کلتوری و پیشاندانی کاریگەریی موزيك و گۆرانی لەسەر بۆنە کلتورییەکان.

## ١. ٥ سنوری توێژینەوەکە :

سنوری بابەتی: ڕۆڵی موزيك و گۆرانی لە بۆنە کلتورییەکانی شاری کۆیە.
سنوری شوێن: کۆمەڵگای سنوری توێژینەوەکەمان شاری کۆیە و گوندی هەرمۆتە دەگرێتەوە.
سنوری کات: لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠ – ٢٠٢٤).

## ١. ٦ پێناسەی زاراوەکان:

چەمکی کلتور (Culture): چەندەها دیدی جیاواز، لە نێوان ئەنترۆپۆلۆجستەکان، لەسەر چەمکی (culture) هەیە، لەوانە:

سپنسەر کرۆبەر دەڵێ: وەکو (چەمك) "کلتور ڕەگەزە نامادییەکان لەخۆدەگرێت، وەك (مەعریفە، بیروباوەڕ، یاسا، زمان، ...). لەلایەکی ترەوە ئەنترۆپۆلۆجستی بەریتانی تایلۆر(١٨٣٢ – ١٩١٧)، پێیوایە (کلتور ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەیە کە مەعریفە و بیروباوەڕ و هونەر یاسا و نەریتەکان دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بە دەستیان دەهێنێت بەو سیفەتەی ئەندامە لە کۆمەڵگادا)". (حەسەن، ٢٠١١: ١٤).

کلتور/ زمانی: "بەردەوامبوونی کولتووری باو پێویستە ئەو مانایە بە دەستەوە بدات کە کۆمەڵگەی مەدەنی گەشەسەندنی زیاتر بە خۆیەوە ببینێ تا زیاتر توانای شیکردنەوەی ڕووداو و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی هەبێت". (حەسەن، ٢٠١١: ١٦).

"ئەنترۆپۆلۆجستی ئەمریکی چارلز ئیلۆد(Charles Elood) ، پێیوایە کلتور لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە بەهۆی ڕاگەیاندنەوە دەگوازرێتەوە، وردەوردە لە ڕێگەی زمانیشەوە لە نەریتی گروپیدا خۆی بەرجەستە دەکات، بۆیە کلتور هەمو هێزە بەدەستهاتووەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە بەتایبەت بەرزەفتکردن، واتە کۆنترۆڵکردنی سروشت و تەنانەت خۆیشی". (بلاك، ٢٠٠٠: ٤٦).

کلتور/ دەستەواژە: کولتور لە ژیانی مرۆڤدا پڕۆسەیەکی بەردەوام و گشتگیرە، ئەگەرچی هەر داهێنانێکی تەکنەلۆژیی نوێ، گروپێك لە داهێنانەکانی گۆڕیوە و سیستەمە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکەشی تا ڕادەیەك توشی گۆڕانکاری دەکات، کە تێکڕای ئەو گۆڕانکارییانە خاوەن کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆن" (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٥٣).

بۆنە: سەبارەت بە وشەی بۆنە، بۆنەی (خۆش و ناخۆش هەیە). بەگشتی بۆنە بەم شێوەیە پێناسەی کراوە: "بریتییە لە دوبارە وەبیرهێنانەوەی شتێک یان کەسێک لە کاتی پێویستدا یاددەکرێتەوە. یان یادکردنەوەیەکە کەزەین بە هۆیەوە دەتوانێ زانیاری لە خۆیدا هەڵبگرێت، تاکو دواجار یادی بکاتەوە و لە کاتی خۆیدا بیخاتەوە بەردەست". (ماجد، ١٣٩٧: ٣٥٧)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp268-276

کۆیە: یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی عێراق، لە نێوان هەرسێ پارێزگای هەولێر و کەرکوك و سلێمانی دایە، دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر. "سەبارەت بە ناوی کۆیە کۆمەڵێك بۆچون هەیە، بەڵام هەمویان لەیەکەوە نزیکن لەوانە (کۆیسنجق، سنجق) بەگشتی هەمو واتا ژیان بە کۆمەڵ". (غەفور، ٢٠٠٢: ٩٢). "مێژووی سەرهەڵدانی کۆیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٢٥) پ.ز لەسەردەمی گۆتییەکانەوە هەبووە، واتا مێژووی کۆیە لە چوار هەزار ساڵ زیاترە". (زەکی، ٢٠٠٠: ٥).




نەخشەی ژمارە (١) قەزای کۆیە

موزیك /(Music)زمانی: سەرەتا ئەگەر باسی موزیك بکەین ئەوا (گۆرانی و سەما)ش دەگرێتەوە، واتا یەك جۆر پێناسەی گشتگیر ئەتوانرێت بۆ (موزیك، گۆرانی، سەما) بکرێت، ئاشکرایە موزیك هونەرێکی جیهانییە، هەر نەتەوەیەك بەپێی تێگەیشتن و پێگەیشتنی خۆیان گوزارشتی لێدەکەن، بۆیە موزیکی هەر نەتەوەیەك، مۆرك و سیمای تایبەت بەخۆی هەیە و زادەی تاکەکانێتی. ئەگەر پێناسەیەکی پوختی ئەم هونەرە بە پشتبەستن بە تەواوی ئەو سەرچاوانەی کە پێناسەیان کردووە بخرێتەڕو، پوختەکەی بەم جۆرەیە: "موزیك هونەرێکی دەنگییە، گوزارشتی ئەم هونەرە بە (ئاواز، هارمۆنی، بەرزی و نزمی دەنگ، ڕیتم، تیمبەر، ئاراتیکولەیشن...). وا بەستەیە" (ئومێد، ٢٠١١:٨٨ ) .

ڕەچەڵەکی وشەی موزیك: "موزیك لە وشەی موز( MUSE )،کە وشەیەکی کۆنی یۆنانییە، وەرگیراوە، کە ناوی هەریەك لەو نۆ فریشتەیەیە کە لەگەڵ (ئاپۆلۆن)ی موزیك یان ( شادی و خۆشی )،(هونەرە جوانەکان) لە ئەشکەوتی (پارناس )دا بوون، کاری هەریەکە لەم فریشتانە تایبەت بە یەکێك لە هونەرەکان بوو. دواتر وشەکە گۆڕانی بە سەردا هاتووە. بە موسیکی گۆدەکرێت، دواتر ئەم وشەیە لە فەرهەنگی زمانی لاتینی بە زیادکردنی (ا، بزوێنی درێژ)، بە (موزیکا ) دەنوسرێت و گۆدەکرێت، دواجار هەمان وشە هاتۆتە نێو فەرهەنگی زمانە جیهانییەکان بۆ نمونە: لە زمانی ئینگلیزیدا بە گۆڕانکارییەکی کەمەوە بە) موزیك ( Music – دەنوسرێت و گۆدەکرێت. ئێستا ئەم وشەیە تا ڕادەیەکی زۆر وشەیەکی جیهانییە و لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیشدا بە گۆڕانکارییەکی کورت لە پیتی کۆتایدا، بۆ سەرجەم ئەو باسانەی کە پەیوەندییان بە چەمکەکانی وەك (موزیك، ئامێرەکانی موزیك، دەنگ، گۆرانی، هارمۆنی ...) بەکار دەبرێت". (ئومێد، ٢٠١١: ٩٢).

موزیك/ دەستەواژە: موزیك و گۆرانی کە زۆرجار بەیەکەوە ناویان دێت، بێگومان لەم ڕووەوە تەواوکەری یەکترن، بەڵام ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە "ئەم موزیکانەی کە دانراون چۆن و کەی دانراون، بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی و جۆری بۆنە کلتورییەکان بە موزیك و گۆرانی". (کەریم، ٢٠١١: ١٨).

## ٢. پێشینەی موزیکی گۆرانیی کوردی و هونەری مەقام لە شاری کۆیە :

هونەری مەقامچڕین لە کۆیە، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوی مەقامی کۆیە بدەینەوە لەم دەنگبێژانەی مەقامیان چڕیوە و خاوەن بەهرەیەکی زێڕینی دەنگی بون لە چڕینی مەقام لەوانە (لە دیوەخانی ئەختەر، مەلا اسعد، مەلا عبدالرحمن، مامە سێوە، تاهیر تۆفیق)، ئەوەی جێگای سەرنج بێت، هونەری مەقام لە شاری کۆیە بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی تری کوردستان جیاوازیی هەیە، لەوانە مەقامی (حیجاز) لە کۆیە جیاواز وتراوە و دەوترێت بە بەراورد لەگەڵ مەقامی حیجاز لە ناوچەکانی تر، نمونەی ئەوەش مەقامی(وارێ گوڕێی مامە سێوە و ئەی موتریبی تاهیر تۆفیق). "وەك دیارە کە کورد خاوەنی کلتور و گۆرانی و موزیکی تایبەت بە خۆیەتی لەگەڵ هونەری مەقامیش لەوانە (حەیران و لاوك) یان فۆڕمە موزیکییەکان وەك (قەتار و خاوکەر و ئەڵلاوەیسی و ئای ئای و سیاچەمانە و... تاد). کە ئەمانە هەموی موڵکی ڕەسەنی کوردین و لە ناوچە جیاوازەکان بەکاردێن" (باقی، ٢٠٠٢: ٣٥- ٣٦).

ئەم ئاواز و سترانانە لای هەرچەشنە خەڵکێك بەشێوەیەکی جیاواز گەشەی کردووە و بووە بە کلتوری ناوچە جیاوازەکان. وەک دیارە لە کۆیەش بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە و لە بۆنە کلتورییەکان، ئەم ئاواز و مەقامانە ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە.

" نەتەوەی کورد موزیك و سترانی جیاواز و تایبەت بەخۆی هەبووە و جیاوازبووە لەهی گەلانی تر، کورد لە لیستی ئەو گەلانەدابووە، کە زیاتر لە دەستنوسێکی نامەکانی (اخوان الصفا) دا ناویان براوە، کورد وەك گەلانی تر لە کۆنەوە وەك پێویستییەکی ژیان و مانەوە، ئاشنایەتیی لەگەڵ موزیکدا پەیداکردووە و ئاوازی داهێناوە و سترانی چڕیوە و شیعری گۆرانی هۆنیوەتەوە، لەڕێگەی موزیکەوە گوزارشتی لە خەم و کۆژان و شادی و سکاڵا و ئازار و ئاواتی خۆیدا کردووە" (توفیق، ٢٠١٤:١٧١).

بێگومان زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە نەتەوەی کورد، وەکو گشت نەتەوەکانی تری جیهان، خاوەن مێژو و کلتوری تایبەت بە خۆیەتی، لە هەمو ڕویەکەوە بە موزیك و گۆرانیشەوە وەك کلتور. بێگومان دەتوانین بڵێین کۆیەش خاوەن مێژویەکی تایبەت بەخۆیەتی لە داهێنانی ئاواز و ڕیتم و کاریگەرییان لەسەر بۆنە کلتورییەکان .

"سەبارەت بە ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندێتیی موزیکی کوردی، بەوپێیەی کورد وەك تێکڕای گەلانی دیکە، خاوەنی موزیك و گۆرانیی تایبەت بەخۆی بووە، کە دەربڕینی هەست و بیرکردنەوە و ڕوانینیان بووە بۆ خۆیان و دەوروبەریان و لە ئاکامی ئەم بایەخە تایبەتییە بە موزیك، هەندێك ئامێری هەمەجۆری موزیکیان بەکارهێناوە وەك: (کەمانچە، عود، تەپڵ،شمشاڵ)، لەلای کورد دەرکەوتووە و هەر لەداهێنانی خۆیەتی و بۆتە کلتور. هەروەها کورد لەدێر زەمانەوە موزیکی بۆ لایەنی خۆشی و ناخۆشی و جەنگ بەکارهێناوە" (باقی، ٢٠١١: ١٧٠).

بەپێی زۆر لە سەرچاوەکان ئەوە خراوەتەڕو، کورد خاوەنی کلتوری تایبەت بە خۆیەتی لە هەمو ڕویەکەوە، هەروەها موزیك و گۆرانییش کاریگەریی لەسەر بۆنە کلتورییەکان هەبوە لە بۆنەکانی وەک (نەورۆز و هاوسەرگیری و جەژنی ئاگرە پایزە و...).

" سەبارەت بە (مەقام)یش، کە بەشێکە لە بابەتی موزیك و گۆرانی، مەقام لە هونەرە کۆنەکانی گۆرانییە و پەیدابونی هەندێك لە مەقامەکان بۆ سەردەمی عەباسی دەگەڕێنەوە. مەقام بریتییە: لەو بنەما موزیکییەی کە ئاوازی لەسەر بنیات دەنرێ و لە حەوت چینی دەنگیی بەدوایەك پێکدێت، وەک (دۆ،ڕێ،می،فا،صۆڵ،لا،سی)، کە

دەنگی هەشتەمینیشی پێی زیاد دەکرێتەوە. مەقام ڕەگو ڕیشەیەکی مێژوویی لەژیانی کورددا هەیە و کوردیش بە درێژایی ئەم کاتە، بەشدارییەکی کاریگەری لەپێشخستنی هونەری مەقامدا هەبوە. تەنانەت هەندێك مەقام، مۆرکێکی پاك و بێگەردی کوردییانەی پێوەیە، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە یەکێك لە مەقامە ڕەسەنەکان خرابێتە پاڵ کورد و بەمەقام (کورد) ناوبنرێت." مەقامی کورد مەقامێکی ڕەسەنە و مەقامێکی سەربەخۆیە، یەکێکە لەو مەقامانەی لە (بەغدا، کەرکوك، تەنانەت وڵاتانی میصر، سوریا، تورکیا)ش بڵاو بۆتەوە". (رجب، ١٩٨٣: ٢٠).

مەقامێکی سەرەکی هەیە لە هونەری موزیك بەگشتی ئەویش بەناوی مەقام (کورد) کە مەقامێکی سەربەخۆیە و لە وڵاتانی بێگانەش ئەم مەقامە دیراسە دەکرێت و شانبەشانی مەقامە ڕەسەنەکانی وڵاتانی تر دەخوێنرێت. سەبارەت بە تایبەتمەندیی گوتنی مەقام لە کۆیە بووە بە کلتور"لە کۆیە هەندێك مەقام گوتراون، کە خوێندنی هەمان ئەو مەقامانە لەگەڵ شوێنانیتر زۆر جیاوازن! بۆنموونە: مەقامی (ڕاست) و (حیجاز) و (بەیات). ئەمە بە گەواهیی مامۆستا (ئەنوەر قەرەداخی) کە جارێك لە دانیشتنێکدا وتی: چۆن دەڵێن (مەقامی عیراقی) هەیە، ئاواش دەبێت بڵێین مەقامی کۆیە هەیە بەتایبەتیش مەقامەکانی (سێوە)! بەبێ خۆهەڵدانەوە گوتنی مەقامەکان لە کۆیە لە گوتنی هیچ ناوچەیەکی تری کوردستان ناچێت. مامۆستا عەدنان جەمال گوتی: هەر بۆ نموونە: سێوە مەقامی (بوهار) و تایەر تۆفیق مەقامی (نیوە شەو) یان گوتووە، هەردوکیشیان خەڵکی کۆیەن و هەردوو گوتنەکەش لەسەر مەقامی (حیجاز)ن، کەچی هیچ کام لەم دوو گوتنە لە گوتنەکەی تر ناچێت! کەسێك ئەگەر لەو بوارەدا پسپۆڕ نەبێت، هەر نازانێت کە ئەو دو گوتنە، لەسەر یەك مەقامن! جا ئەمەیە (مۆرك)" (جەمال، ٢٠٠٩: ١٣٥). بەگشتی نەتەوەی کورد خاوەن میلۆدی و فۆڕمی تایبەت بە خۆیەتی وەک ئاماژەمان بە فۆڕمەکان کردووە، لە شاری (کۆیە)ش وەک باسی گۆرانییەکانی (مامە سێوە و خاڵە تایەر)مان کرد، لەڕوی ڕیتمەوەش شاری کۆیە خاوەنی ڕیتمی تایبەت بەخۆیەتی، لەوانە ڕیتمێک هەیە کە تەنها لەشاری کۆیە ئەم شێوازە ڕیتمە بەکارهێنراوە ئەویش بەناوی (لەم کوڵبەی ئەحزانە)یە، کێشەکەی (٧/٤) لەلایەن (ئامانج غازی)یەوە ئەم ناوەی لێنراوە. ئەم ڕیتمەش تایبەتە بە هونەری شاری کۆیە.



وێنەی ژمارە (١)

### ٢.١ بۆنەی نەورۆز و سەیران لە شاری کۆیە:

نەورۆز بۆنەیەکی کۆنە لە لایەن زۆر نەتەوە و گەلی جۆراوجۆر وەک (کورد، فارس، ئەفغان) بەشێوەی جۆراوجۆر پیرۆزدەکرێت. نەتەوەی (کورد)یش هەمو ساڵێک یادی بۆنەی نەورۆز دەکاتەوە، هەر وەک بۆنەکانی هاوسەرگیری و ئاگرە پایزە و... ساڵانە لەژێر چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کۆیە ئەم یادە بەرز دەنرخێنرێت و بە موزیک و گۆرانی یادی ئەم بۆنە نەتەوەییە دەکرێتەوە. "لە ئاهەنگی نەورۆزدا لە (٢١)ی ئازاری هەمو ساڵێك یادی دەکرێتەوە وەك بۆنەیەکی نەتەوەیی، لە کۆیە لەسەر چیای باواجی و هەیبەت سوڵتان لەلایەن خەڵکانی ئەم شارەوە ئاگریان دەکردەوە و پیاو و ژن و کچ و کوڕ، جلوبەرگی کوردییان دەپۆشی و خەڵکی بەکۆمەڵ کۆدەبوونەوە و ئاهەنگیان دەگێڕا و وتار دەخوێندرایەوە، کە زیاتر ڕەنگدانەوەی لایەنی نیشتیمانپەروەری کاریگەری هەبو و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێز بون، هەروەها کاتی خۆی خەڵکی بۆ سەیران دەچونە (شیوی ڕەزان، ئۆمەرخوچان و حەمامۆك)، خەڵك بە پیادە دەچونە ئەم شوێنانە بۆ سەیران، چونکە لە سەنتەری شاری کۆیە نزیک بون. دیارە ئەم بەپێچونەش بە هۆی کەمیی ئۆتۆمبێل بووە. لە کاتی چون بۆ سەیران لە نەورۆزاندا، کۆمەڵێك یاریی میللی ئەنجام دەدرا وەکو: (کێل و بەردانێ، کۆسانێ، چاڵانێ، کەڵە مستێنە و فڕی فڕی قەل فڕی، ...). ئێستا ڕێوڕەسمی بۆنەی نەورۆز گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، یەك ڕۆژ بۆ سێ ڕۆژ، پۆشاکی کوردیی هەمەجۆر، تەنانەت هەندێك کەس تەنها لەو ڕۆژە جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن، خەڵکی بۆ سەیرانگا بۆ شوێنی دور دەڕۆن، ئینجا هەر خێزانە و بە ئارەزوی خۆی هەڵپەڕکێ و گۆرانی و نانخواردن و کەیفکردن و خۆشی وەردەگرێت، خزم و کەسان هەمو لەتەك یەك کۆدەبنەوە. بۆیە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نوێ لەگەڵ شوێنەکانی تر سەرهەڵدەداتەوە، بەتایبەتی لە ئەنجامی چاوپێکەوتنی کوڕ و کچان کە دەرئەنجامی ژن و ژنخوازی لێدەکەوێتەوە. لەکۆتاییدا هاوسەرگیری و خێزان و خزمایەتی پێویستییان بە سیستەمێك هەیە بۆ ڕێکخستن و پارێزگاریکردنی تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە" (سعدی، ٢٠١٥: ١٠٦-١٠٧).

بێگومان ئەو گۆڕانکارییانەی ئێستا لە ئاهەنگی نەورۆز ڕویانداوە ئەوەیە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کۆیە و ڕێکخراوەکانی تر بە هاوکاریی (تیپی موزیکی باواجی و تیپی موزیکی سێوە) یادی نەورۆز دەکرێتەوە، ئەنجامدانی چەندین چالاکی، جگە لە موزیک و گۆرانی چالاکیی (شانۆ و شێوەکاری)یش ئەنجامدەدرێت. ئاهەنگەکە لە کاژێر (٣)ی دوای نیوەڕۆ دەستپێدەکات و ئاگرێکی گەورە دەکرێتەوە، دوای ئەنجامدانی چالاکییەکان خەڵکەکەش بە جلی کوردیی ڕەنگاوڕەنگەوە شایی و خۆشی دەکەن، لەدیار ئاگرەکە بە دەنگی موزیک و گۆرانی یادی ئەم بۆنە کلتورییە دەکەنەوە. سەبارەت بە ئەنجامدانی سەیرانیش هەندێک خەڵک لە ڕۆژانی (٢١،٢٢،٢٣)ی مانگی (٣)ی هەمو ساڵێك بۆ خۆشیبینین گەشت دەکەن بۆ دەرەوەی شار، بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش. ئەم شوێنانەی لە کۆیە خەڵکی بۆی دەچن بۆ سەیران ناوەکانیان بریتین لە (هەیبەت سوڵتان، حەمامۆک، میرسەید، چنارۆک) .

"بیرمە لە کۆیە لەساڵی (٢٠١٠) خەڵکی بۆ سەیران دەهاتنە بناری هەیبەت سوڵتان، (تیپی موزیکی باواجی کۆیە و تیپی موزیکی سێوە) لەم شوێنەدا لەلایەن دەنگبێژانی تیپەکانیانەوە وەک (ئیبراهیم سابیر و مەلا صلاح و مامۆستا زاهیر و ...)، گۆرانییان دەچڕی، لە لایەکیتر هەندێک سوارچاکیش بە سواری (ئەسپ و ماینەوە) سوارچاکییان دەکرد و نمایشییان دەکرد، کە پۆشاکی کوردییان پۆشیبو ئەسپەکانیشیان زینکردبو. زۆربەی خەڵکی شاری کۆیە چێژیان لەم کەش و سروشتە جوانە دەبینی، لەگەڵ دەنگی موزیک و گۆرانی شایی و هەڵپەڕکێیان دەکرد، تا ئێوارە ئەم ئاهەنگە بەردەوامیی هەبو" (عەزیز، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتن). لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠)یش بۆنەی نەورۆز و سەیران لە شاری کۆیە زیاتر شێوازێکی سادەی هەبووە بە نموونە: گۆرانییەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن دەنگبێژەکانەوە دەوتران، لە هەمانکاتدا چەند ئامێرێکی موزیکی وەک (دەف و زوڕنا و دەهۆڵ و نای) بەکار دەهات. خەڵکەکەش شایی و هەڵپەڕکێیان دەکرد، بەڵام ئێستا لە ڕوی بەکارهێنانی ئامێرە موزیکییەکان و دەنگبێژەکان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp268-276

لە بۆنە کلتورییەکان فراوانتر بووە، ئامێری زۆر بەکاردێت و ڕێژەی هونەرمەندانی دەنگبێژ و کۆڕس بۆ تیپەکان لەژن و لە پیاوان لە بەشداریکردن و یادکردنەوەی بۆنە کلتورییەکاندا زیادیکردووە .

### ٢.٢ بۆنەی بوکگواستنەوە لە شاری کۆیە :

لە ساڵانی ڕابردو بەداخەوە هەندێک لە شێوازی هاوسەرگیری هەبوە، نیشانەیەک بووە بۆ دواکەوتویی کۆمەڵگای کوردی؛ هەندێک خێزان لە کۆمەڵگە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەیان ئەنجامداوە، کە بریتی بوون لە: (ژنبەژنە، شیربایی، گەورەبەبچوک، بەدەلخوێن). "لە شاری کۆیە دیاردەی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای توێژینەوە لە رووی شێوەوە، بەپێی قسەی پیرو و بەساڵاچوان پێیان باش بووە هاوسەرگیری ناوخۆیی (endogamy )بێت، واتا هاوسەرگیریی خزمەکان. لە ئەنجامی تێکەڵبون و کارکردنی خێزانەکان بە هاوبەشی، خۆشەویستی بۆ خزمان زیاتر بووە. ئەو وابەستبونەش کاری کردە سەر دابونەریت و بەها باوەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەتی بۆ پاراستنی میراتگری و بەهێزبونی لایەنی دەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندیی خێزانەکانیان. لە کۆمەڵگای توێژینەوە، هەندێکجار ئەوانەی لە ڕابردودا لە دەرەوەی بازنەی خزمایەتیی ئامۆزا و بن ئامۆزا و پورزا هاوسەرگیرییان ئەنجام دەدا، خەڵکی بە بێگانەیان ناودەبردن ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە پێویستی بە ڕازیبونی مام و ئامۆزا و خزمان هەبوە، هەندێکجار ئەو خێزانە سەرکۆنەدەکرا کە هاوسەرگیرییان لە دەرەوەی بازنەی خزمایەتی ئەنجامداوە، بۆیە هەرکاتێك توشی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەبو، خزمەکان بەهانایان نەدەچون. بۆیە زۆرجار لەناو کوردەواری هەندێك پەندیان بەکاردەهێنا وەك (خزم گۆشتیشت بخوات ئێسکت ناشکێنێ)، دیارە ئەوەش کاریگەریی مانەوەی پێشینە کۆمەڵایەتییەکانی ڕابردو بووە لە کۆمەڵگادا، بەڵام ئێستا هاوسەرگیریی دەرەکی ( exogamy) واتا هاوسەرگیری لەدەرەوەی خزم و نزیکەکان پەسندترە و زیاتر پیادە دەکرێت، لە هاوسەرگیری ناوخۆ. جگە لەوانە لە شاری کۆیە چەند شێوەیەکی تری هاوسەرگیری هەبوە وەک، (هاوسەرگیریی ژنبەژنە و شیربایی و مارەبڕین لە منداڵییەوە)، بەڵام ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە بەشێوەیەکی کەم بینراون بەتایبەتی لەناو شاری کۆیە، لە ناوچە گوند نشینەکانیش زیاتر ڕەنگدانەوەیان هەبوە، ئەو دیاردەیە تا ساڵانی حەفتاکانیش زۆرجار کچانیان بێ ئارەزومەندی خۆی و ئاگادارکردنیان بەشوداوە، بەڵام ئێستا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە بەرەو بەسەرچون دەچێت" (سعدی، ٢٠١٥: ٧١-٧٢). وەک دیارە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیریی بیست ساڵ لەمەوبەر، بێگومان جیاوازییەکی زۆر هەبوە لەگەڵ ئێستا، لە ڕوی داواکردنی کچەکە لە لایەن ماڵی زاوا و ئەم پێداویستییانەی کە پێویست بو بکرڕدرێن، جاران پارەیەکی کەمتریان داوا دەکرد و ئاهەنگێکی سادە ئەنجام دەدرا لەگەڵ وتنی گۆرانی لەلایەن هونەرمەندێکەوە، بەڵام ئێستا، ئەمانەی باسمانکرد پێچەوانەیە؛ جگە لە تێچویەکی زۆر بۆ پرۆسەکە، تیپێک لەگەڵ چەند گۆرانیبێژێک ئاهەنگەکە بەجۆشتر دەکەن و موزیک و گۆرانی ڕۆڵی تێدا دەگێڕن. لە شاری کۆیە، بوکگواستنەوە و ئاهەنگگێڕان هەبوە و بۆتە کلتوری ئەم ناوچەیە و موزیك و گۆرانیش ڕۆڵیی بەرچاوی تێیدا بینیوە. ئەم هونەرمەندانەی لە شاری کۆیە، لە ئاهەنگی بوکگواستنەوە گۆرانییان چڕیوە، ئەمانەن: (تایەر تۆفیق، باقی سەرتاش، حەمەدەمین عەباس، فەقێ ئەحمەد). "بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری، خانەوادەی کوڕەکە دەچنە داوای ئەو کچەی دەیانەوێت بیکەن بە هاوسەری کوڕەکەیان، دوای ئەوەی ماڵی کچەکە ڕەزامەندبوون لەسەر ئەم کارە، ئەوا دوای یەك هەفتە یا زیاتر مامۆستای ئایینی دێن بۆ ئەوەی کچ و کوڕە لە یەکتر مارە بکات، دواتر دەچن بۆ لای قازی لە دادگا، قازی بە ئامادەبونی دو شایەد و ڕەزامەندیی هەردوکیان لەیەکیان مارە دەکات، بەمەرجێك تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت. دواتر ماڵی زاوا ڕۆژی (ختوبە) واتا دەستنیشانکردن بۆ بوك دەکەن و شیرینی و خواردن دەخورێت" (ئەحمەد، ٢٠٢٠: ٣٠٤). بەپێی باری داراییی ماڵی بوک و زاوا لە ڕوی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەوە گۆڕانکاریی بەسەرداد‌ێت؛ ئەو ماڵانەی هەژارن، ئاهەنگەکە بەشێوازێکی سادەتر بەڕێوەدەچێت، هەندێک جار موزیک و گۆرانییش بونی نییە لە ئاهەنگەکە تەنها شیرینی دەخورێت، بەڵام ئەو ماڵانەی کە باری داراییان باشە، ئەوا ئاهەنگەکە بەشێوازێکی فراوانتر بەڕێوەدەچێت و موزیک و گۆرانی بەشێوازێکی فراوان لە ئاهەنگەکەدا بەکاردێن.

"دواتر ڕۆژی بوکگواستنەوە دەستنیشان دەکرێت و بە ئاهەنگگێڕان و موزیك و گۆرانی، ئەم ڕۆژە بە خۆشی و شادی و زەماوەند و هەڵپەڕکێ بەرێدەکەن. لێرە کۆمەڵێك دەنگخۆش بە جلی ڕەنگاوڕەنگی کوردییەوە لەسەر شوێنێکی بەرز وەستاون و گۆرانیی تایبەتمەندی کۆیە (لەبەر نازی چاوبازان)ی وەفاییان دەگوت، بەڵام بە ئاوازێکی جیا لەوەی کە هەیە، چەند کەسێکی تریش لەم شوێنە بەرزەوە نوقڵ و نۆکی برژا و پارەی وردەیان بەسەر کەژاوەی بوك دادەباراندووە، منداڵانی کۆیان کردۆتەوە، ئینجا دوای ئەوەی بووك لەماڵی زاوا لەسەر کورسییەك دانراوە و ژنانی دەنگخۆشیش گۆرانیی: (بوکانە بوکانە بوکێ بوکمان چەندە جوانە بوکێ)یان بۆ گوتووە. لەکاتی بوکگواستنەوەدا، کەسانی وەك: هونەرمەندان (تایەر تۆفیق، باقی سەرتاش، حەمەدەمین عەباس) لەسەر بانی ماڵی زاوا، وەستاون و کاتێك کەژاوەی بوك بە پێیان و هەندێکجاریش بە سواری وڵاغ نزیك بونەوە، گۆرانییان بۆ گوتوون" (هەمان سەرچاوەی پێشوو ٣٠٥).

بێگومان موزیك و گۆرانی لەم بۆنە کلتورییەی کۆیەدا کاریگەرییان هەبوە، ئەویش بە بەشداریی چەندین هونەرمەندی ناسراوی ئەم سەردەمە لە ژن و لە پیاوان موزیکیان ژەنیوە و گۆرانییان چڕیوە، هەندێک جار بەشێوازی سۆڵۆ بووە و هەندێک جاریش بەشێوازی کۆڕس، بەڵام مەرج نەبوە هەموو کات ئامێری موزیک لەکاتی گۆرانیگوتندا بەکارهاتبێت. هەندێکجار جگە لە پیاوان ژنانیش بەچڕینی گۆرانی بەشدارییان لە ئاهەنگەکاندا کردووە، لەوانە (بەدیعە خان) یەکێک بووە لەو ژنانەی لەزەماوەنددا گۆرانیی چڕیوە.

### ٣.٢ بۆنەی بوکگواستنەوە لە نێو مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتەدا:

دانیشتوانی کۆیە، لەگەڵ خەڵکی گوندی هەرمۆتە و مەسیحییەکان کلتورێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام لە هەندێك بۆنەدا تایبەتمەندیی خۆیان هەیە بەتایبەتی لایەنی شێوازی موزیك و گۆرانی. هەندێک ئاواز لە گوندی هەرمۆتە هەیە بەشێوازێکی گشتی فۆڕمێکی جیاوازتریان هەیە، لە بۆنەی بوکگواستنەوەدا دەوترێن، زۆرجار بەشێوازی کۆراڵیش ئەم ئاوازە بە زمانی (سریانی) دەچرن. "سەبارەت بە ژنوژنخوازی، بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات، دوای ئەوەی کچ و کوڕ پێشتر یەکتریان بینیوە، کۆمەڵێك لە خزمانی ماڵی کوڕەکە، دەچنە ماڵی کچەکە و یەك لە ڕیشسپییەکان، داوا دەکات کچەکەتان بدەن بە کوڕەکەمان، یاخود دەڵێن حەزدەکەین ببین بە خزم، دواتر دەڕۆن. ئەگەر ڕەزامەندبون لەدوای ماوەیەك (ختوبە) واتا دەستنیشان دەکرێت، هەندێك جار ئاهەنگی گەورە دەکرێت و هەندێك جاریش تایبەت دەبێت؛ کوڕ و کچەکە ئەڵقە دەخەنە پەنجەی یەکتر، بەدەم سەماکردن و گۆرانی و موزیکەوە ئەم بۆنەیە بەڕێوەدەچێت. دوای ماوەیەك ئاهەنگی کواستنەوە نزیك دەبێتەوە، هەفتەیەك بەر لە ئاهەنگ لە ماڵی خزم و کەسەکان لەگەڵ بوك بانگهێشت دەکرێن، بەدەم گۆرانی و موزیکەوە شایی و هەڵپەڕکێ دەکەن و بەمەش دەڵێت ( سواتە)، هەفتەیەك پێش

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp268-276

گواستنەوە ماڵی زاوا خۆیان ڕێکدەخەن و لەم هەفتەیەدا نان و چێشتی زۆر دروستدەکەن و تا ڕۆژی دەستپێکردنی ئاهەنگ ماڵی زاوا ئاهەنگێکی شەو ساز دەکەن بە ناوی (زاوا شۆری) شەوی زاوا، هەرچی گەنجی ئەم ئاواییە هەیە بانگهێشت دەکرێن، ئەو شەوەی مەشروبات (خواردنەوە کحول)ییەکان دەخورێتەوە تا درەنگانی شەو گەنجەکان گۆرانی دەڵێن. بۆ ڕۆژی دوایی دەبێتە شایی لە هەرمۆتە، ئامێری دەهۆڵ و زوڕنا دەهێنرێ و تا ئێوارەدرەنگان شایی دەکەن. سەبارەت بە مارەکردنی بوك و زاوا لە کەنیسە دوای کاژێر (٩)ی بەیانی، قەشە، بوك و زاوا لە یەکتری مارە دەکات و لەبەرچاوی خەڵك پرسیاریان لە بارەی ڕازیبونیان لێدەکات، دو شایەد واژوی دەکەن، بوك و زاواش واژوی دەکەن و مارە دەکرێن. واتا لەو ماوەیەی کە پێکەوە بون، لە ڕۆژی خوازبێنی تا ڕۆژی ختوبە و لە وێشەوە تا ڕۆژی گواستنەوە، کچ و کوڕ ئەگەر لە یەکتر ساردبونەوە، یان کێشە لە نێوانیان دروستبو، زانییان پێکەوە ناگونجێن، دەتوانن یەکتری بەجێبهێڵن، چونکە پێشتر مارە نەکراون، بەڵام دوای ئەوەی کە مارەییەکە تەواوکرا، ئەوا بوك دەچێتە ماڵی زاوا و بەیەکەوە دەژین" (صلیوە، ٢٠١٣: ٢٤٥).




وێنەی ژمارە(٢)

ئەوەی جێگای باسە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، ڕێوڕەسمی بوکگواستنەوە لە ناو مەسیحییەکانی هەرمۆتە لەگەڵ موسڵمانانی شاری کۆیە هەندێك جیاوازی بەدیدەکرێت، لەوانە وتنی گۆرانی و ژەنینی ئامێری موزیکی لەنێوان مەسیحییەکانی هەرمۆتە جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ موزیک و گۆرانیی موسڵمانان لەکاتی ئاهەنگی بوکگواستنەوەدا، هەروەها مارەکردنی بوك و زاوا لەناو مەسیحییەکاندا لە لایەن قەشەوەیە لە کەنیسە ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەناو موسڵمانان مارەکردن لەلایەن مامۆستای ئاینییەوەیە (مەلا) لە ماڵی بوك ئەنجام دەدرێت. جیاوازییەکی تر ئەوەیە، لەناو موسڵمانان سەرەتا مارەدەکرێن، دواتر ختوبە ئینجا گواستنەوە، بەڵام لەناو مەسیحییەکاندا بە پێچەوانەوەیە. هەروەها سەبارەت بە ڕۆڵی موزیك و گۆرانی لەسەر ئەم کلتورە بێگومان کاریگەریی سەرەکی هەیە لەم بۆنەیەدا لە ناو موسڵمانان و مەسیحییەکاندا .

## ٤.٢ جەژنی خاچ لە گوندی هەرمۆتە (ئاگری پایز)

بۆنەیەکی تریش لە نێو مەسیحیەکانی گوندی هەرمۆتە هەیە، پێی دەڵێن جەژنی خاچ (ئاگری پایز)، ئەم بۆنەیە لەپای ئەوەیە کە کۆتایی بە وەرزی هاوین هاتووە و وەرزی پایز دەستپێدەکات. کەشوهەوا دوای کردنەوەی ئەم ئاگرە گۆڕانکاریی بەسەردادێت و فێنکی دەستپێدەکات. گوندی هەرمۆتە، یەکێکە لە گوندە دێرینەکانی کوردستان، کەوتۆتە باشوری قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر، لە دێر زەمانەوە مەسیحینشین بووە.

"ناوی هەرمۆتە لە (الارض الموتی) ەوە هاتووە، ئەمەش بۆچونێکی گونجاوە، چونکە ڕوداو و شەڕی خوێناوی لەم ناوچەیە ڕویداوە. بۆچونێکی تریش لەنێو خەڵکیدا هەیە، کە ئەرمۆتە، بە زمانی سریانی، بە واتای (هەنار) دێت. مەسیحییەکانی هەرمۆتە بە هەنار دەڵێن (ئەرمۆتە) وا لێکدەدرێتەوە کە گوندی هەرمۆتە ڕەزێکی زۆری هەناری لێبووە، بۆیە ئەم ناوەیان لێناوە" (حەوێزی، ١٩٨٤: ٦٧). لە گوندی هەرمۆتە هەندێک بۆنە هەیە کە تایبەتن بە کلتوری خۆیانە کە موزیک و گۆرانییش تێیدا بەکاردێت، لەوانە بۆنەی (جەژنی خاچ) لەم گوندە وەک دیارە هەمو ساڵێک ئەم یادە دەکرێتەوە لە شوێنێک بەناوی (مەربێن قەدیشە). کە جگە لە خەڵکی گوندی هەرمۆتە خەڵکی موسڵمانانی شاری کۆیەش بەشداریی ئەم ئاهەنگە دەکەن.

یەکێك لە بۆنە کلتورییەکانی ئەم ناوچەیە بریتییە لە (ئاگری پایز)،کە هەمو ساڵێك یادی دەکرێتەوە، "چۆن ئاگر لە مانگی سێ دەکرێتەوە لە ناو کوردەواریدا، کە مانای نەورۆزە، بە هەمان شێوە ئاگرە پایزەی دیانان دەکرێتەوە کە ڕەمزی سەرما و سۆڵەیە، لە (٩/١٣) ی هەمو ساڵێك کە دەکەوێتە پایز. لەم ڕۆژەدا قوداسی ئایینی دەکرێت، هەر ماڵێک لە گوندی هەرمۆتە، ئاگرێك دەکاتەوە، ماوەیەك بەر لە هاتنی ئەم جەژنە خۆیان ئامادەدەکەن، بەڵام ئێستا بە نەشرەی کارەبایی سەڵیب دروستدەکەن لەسەر بانی ماڵەکانیان دایدەنێن و بۆ ماوەی چەند شەوێك دایدەگیرسێنن، کە دوای قوداسی دینی ئاهەنگەکە ساز دەکرێت. دواتر جلوبەرگی (کوردی و سریانی و ئاشوری) لە مەڕبێنە قەدیشە نمایش دەکرێت. ئەوەی جێگای خۆشییە لەم جەژنەدا موسڵمان و مەسیحییەکان بەیەکەوە بەشداربون، لە ساڵی (٢٠١٢) بۆ یەکەمجار ئەو مەڕاسیمە هاوبەشە لە کۆیە بەم شێوەیە کرایەوە" (صلیوە، ٢٠١٣: ٢٤٣). ئەگەر چی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە خاوەن پۆشاکی تایبەت بە خۆیانن کە لەم ڕۆژەدا دەپۆشن، موسوڵمانانی بەشداربوش لە ژنان و لە پیاوان لەم بۆنەیە و لەم ڕۆژەدا پۆشاکی کوردی دەپۆشن، واتا هەمو ڕەنگە جیاوازەکان لە کلتور لەم ڕۆژەدا بەدی دەکرێت لە نێوان موسڵمانانی شاری کۆیە و مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتەدا.



وێنەی ژمارە (٣) جەژنی خاچ لە (مەڕبێنە قەدیشە)

کۆیە شارێکی فرە ئاین بووە لە (زەردەشتییەکان، موسڵمانان، مەسیحییەکان، جولەکەکان). کۆیە پێش ئیسلام، شارێکی زەردەشتی بووە، بەڵام دواتر بوونەتە موسڵمان، کاتی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان کۆیە شار بووە، پەیڕەوی ئاینی زەردەشتییان کردووە، سوپای ئیسلام ڕو لە کۆیە دەکەن و قەڵای شیلە داگیردەکەن،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp268-276

پێش ئەوەی بێن بۆ گوندی هەرمۆتە داگیری بكەن، ئاشتیخوازێك و خێرەومەندێك لە ناوبژی دەبێت بۆ ئەوەی شەڕ و پێكدانان دروست نەبێت لە نێوان سوپای موسوڵمانان و ئێزیدی، بەڵام لەم نێوەندەدا سەرەنجام شەهید دەبێت. موسوڵمانان و مەسیحییەكان ئەو پیاوە بەهی خۆیان دادەنێن، موسڵمانان بە شێخ محەمەدی دێریێ ناوی دەبەن مەسیحییەكان بە مەرپێنە قەدیشە" (برایم، ٢٠١٤: ١٢٩).

ئێستا شوێنێك هەیە كە باخێكی گەورەیە، پەیكەری دروستكراوی مەریەمەی پاكیزەی لێیە و ڕازێنراوەتەوە بە ڕوناكییەكی زۆر بۆ بۆنەی دیانان و موسوڵمانان بەكاردەهێنرێت بێ جیاوازی. لە (٩/١٣)ی هەمو ساڵێك ئاگرە پایزە لەم شوێنەدا دەكرێتەوە، پێی دەڵێن (ئاگرە پایزەی دیانان)، كە لەم شوێنە مەڕاسیم دەكەن و ئاهەنگدەگێڕن، چونكە نیشانەی كۆتاییی هاوین و سەرەتای پایزە. لەم بۆنەیەدا دیانەكان و موسوڵمانان بەیەكەوە دەژین بە ئاشتی و تەبایی. بێگومان من وەك كەسێكی دانیشتوی كۆیە لە بۆنەی ئاگرە پایزەی دیانان بەشداربومە، لەگەڵ برا مەسیحییەكان بەیەكەوە ئەم مەڕاسیمە بەرز دەنرخێنین زۆربەی كات ئێمەی موسوڵمانان بە كاری هونەریی موزیك و گۆرانی بەشداردەبین و هاوكاریان دەبین. لەساڵی (٢٠١٢) لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری داوام لێكرا وەک سەرۆكی گروپ، كە لەم ڕۆژەدا پێویستیان بە تیپێكی موزیك و گۆرانییە، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ كۆمەڵێک موزسیان و هونەرمەند لە موسڵمان و دیان لەم گروپەدا بەشداربوین و چەند بەرهەمێكی گۆرانی و موزیكمان پێشكەش كرد بەسەرپەرشتیی خۆم. شایانی باسە ئەم بۆنەیە بۆیەكەمجار بوو لەدەرەوەی كەنیسە ئەنجام بدرێت. واتا لە كۆتاییدا دەتوانین بڵێین موزیك و گۆرانی لە زۆربەی بۆنە كلتورییەكانی شاری كۆیە و گوندی هەرمۆتە ئامادەییان هەیە.



وێنەی ژمارە (٤) پەیكەری حەزرەتی مەریەمە

## ٢. ٥ ئاهەنگی سەری ساڵ لە نێو مەسیحییەكانی گوندی هەرمۆتە

سەبارەت بە ئاهەنگی سەری ساڵ، كە بۆنەیەكی كلتوریی جیهانییە، هەمو نەتەوەیەک بەشێوەیەكی جیاواز یادی ئەم بۆنەیە دەكاتەوە، بۆ نمونە لەنێو موسوڵمانان زۆر لە خەڵكی شاری كۆیە بەخوێندنەوەی مەولود و بانگهێشتی خزموكەس، داوەتی نانخواردن ئەم یادە دەكرێتەوە، بەڵام لەنێو مەسیحییەكانی گوندی هەرمۆتە ئەم یادە جیاوازتر بە بەراورد لەگەڵ موسڵمانان دەكرێتەوە، مەسیحییەكان بە بەكارهێنانی سەلیبی مەسیح و داگیرساندنی ڕوناكی لەبەر دەرگا و ماڵەكانیان بە ئاهەنگ و موزیک و گۆرانی ئەم یادە دەكەنەوە، تا بەرەبەیان شادی و كەیف و خۆشی دەكەن. "مەسیحییەكان دەڵێن پێویستە بە دڵێكی خۆش پێشوازی لە ساڵی نوێ بكەین، بۆ ئەوەی ساڵی نوێ بەم خۆشییەوە لەگەڵمان بەردەوام بێت" ئەمە وتەی دیانەكانە. لەبەر ئەوە ئەم شەوە بە موزیك و گۆرانی و كەیف و خۆشی بەسەردەبەن. موزیك و گۆرانی ڕۆڵی سەرەكیی هەیە لەم بۆنە كلتورییەی مەسیحییەكاندا. هەندێك كەس پێیانوایە ساڵی نوێ تایبەتە بە مەسیحییەكان، بەڵام مەسیحییەكان پێیانوایە كە ساڵ گۆڕا ساڵی هەمومان دەگۆڕێت، بۆیە پێویستە شەقامەكان خاوێن بكرێنەوە و بە ڕوناكی ئاوەدان بكرێنەوە و دۆستایەتی بەهێزبێت و گۆرانی و موزیك لە شەقام و ماڵەكان دەنگی لێوەبێت، پێیانباشە لەم شەوەدا هەمو خەڵك بكەوێتە دونیایەكی خۆشی و تام لە ژیان بكات، بە بەرزڕاگرتنی ڕێز و خۆشەویستی لەنێوانیاندا. بۆ ئەوەی منداڵ وەكو گەورە هەست بە خۆشی بكات، پێویستە (بابانوئێل) سەردانی ماڵە هەژارەكان بكات، بە مەبەستی پێدانی كەلوپەلی یاریكردن و خواردنیان بۆ ببەن، ئەو منداڵانە هەست بە خۆشی دەكەن و ئاسودە دەبن. لە هەرمۆتەی گوندی دیانان، لەم شەوەدا لە شەقامەكان ئاهەنگ دەگێڕدرێت بە بەشداریی هونەرمەندان، موزیك و گۆرانی دەوترێت و تا بەرە بەیان ئاهەنگ و شادی دەبێت. (صلیوە، ٢٠١٣: ٢٢٢- ٢٢٣).

ئەم بۆنە كلتورییە لە هەمو ساڵێكدا بەردەوامیی دەبێت، لەم بۆنەیەش موزیك و گۆرانی ڕۆڵی بەرچاوییان هەیە، هەروەك لە بۆنەكانی تر كە ئاماژەمان پێیاندا. ئاهەنگی سەری ساڵ بە بەراورد لەگەڵ بیست ساڵ لەمەوبەر جیاوازیی هەبوە لە ڕوی بەكارهێنانی موزیک و گۆرانییەوە، تەنانەت شێوازی گۆرانییەكانیش. ئەم گۆرانی و موزیكانەی جاران بەكاردەهاتن زۆر جار لەلایەن زوڕناژەنێک و دەهۆڵژەنێک لەگەڵ دەنگ بێژێک ئاهەنگەكە بە هەندێک گۆرانیی سادە و فۆلكلۆری بەڕێوە دەچو، بەڵام ئێستا بەهۆی بەرەوپێشچونی تەكنەلۆژیا لە هەبونی (مایک و میكسەر و سپیكەری گەورە)، ئەم یادە جیاوازتر و فراوانتر دەكرێتەوە؛ گۆرانیی مۆدێرن گوێی لێدەگیرێ و هەندێک جار بەشێوازی زیندو، لە ئێوارەی ئەم شەوە تا دەگاتە كاژێر (١٢)، هونەرمەندان گۆرانی دەچڕن، لەدوای ئەوە خەڵكانی گوندی هەرمۆتە دەست بە شایی و هەڵپەڕكێ و دانس دەكەن، بۆ پێشوازی لە ساڵی نوێ. "ئێستا بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ زۆربەی خەڵكی بۆ ئاهەنگگێڕان و وەرگرتنی چێژی زیاتر لەم شەوەدا، بۆ دەرەوەی وڵات گەشتدەكەن. ئەوەی زیاتر سەرنجی دەخرێتەسەر ئەوەیە، لەم شەوەدا بەڕێژەیەكی زۆر خواردنەوە كحولییەكان دەخورێتەوە و تا بەرەبەیان دانس دەكرێت، هەمو تاكێک چێژ دەبینێت بە بۆنەی گۆڕینی ژمارەی ساڵ و چونەناو ساڵی نوێوە" (جۆزیف، ٢٠٢٥، چاوپێكەوتن). هەفتەیەک پێش هاتنی ساڵی نوێ، كاتێک بە گوندی هەرمۆتەدا تێپەڕ دەبیت، هەستێكی خۆشت لا دروستدەبێت، چونكە هەمو ماڵەكانی ئەم گوندە سەربان و بەردەرگاكانیان بە (گوڵ و درەخت و ڕوناكی) ڕازاندۆتەوە، بۆ پێشوازی لە ساڵی نوێ. لەگەڵ هاتنی سەری ساڵ و لە نیوەی شەودا، هەمو بەیەكجار دەستدەكەن بە تەقاندنی ئەم كەرەستانەی دەنگی لێوە دەردەچێت، لەگەڵ داگیرساندنی مۆم لە ماڵەكانیان و هەڵكردنی ڕوناككەرەوەی ئاسمان بە (تەقەی خۆشیی ڕوناكیبەخش)، ئەم شەوە یاد دەكەنەوە.

# ٣. دەرئەنجام، ڕاسپاردە و پێشنیار

## ٣. ١ دەرئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا، سەبارەت بە ڕۆڵی موزیك و گۆرانی لە بۆنە کلتورییەکانی شاری کۆیە، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١ -پەیوەندییەکی باش لە بەشداریکردنی بۆنە کلتورییە جیاوازەکانی نێوان موسڵمانانی شاری کۆیە و مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتەدا هەیە، واتا ئەم بۆنانەی لە شاری کۆیە هەیە، مەسیحییەکانی گوندی هورمۆتە لەگەڵ موسڵمانان بەشدارن و بە پێچەوانەشەوە. هەروەها لەنێوان موسڵمانان و مەسیحییەکانی کۆیە یەکتر قبوڵکردن هەیە و بەیەکەوە پەیوەندییەکی باش هەیە لە ئەنجامدانی بۆنە کلتورییەکاندا بەتایبەتی بۆنەی (نەورۆ و ئاگرە پایزە).

٢ -موزیك و گۆرانی کاریگەریی بەرچاویان لەسەر بۆنە کلتورییەکانی ناوچەی کۆیە هەیە.

٣-کۆیە خاوەنی پێگەیەکی بەهێزە لە ڕوی ڕۆشنبیری و کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و ئابورییەوە .

٤-بۆنە کلتورییەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتەی مەسیحییەکان لە هەندێك ڕووەوە جیاوازییان هەیە، ئەمەش بۆ جیاوازیی ئاینەکانیان دەگەڕێتەوە.

٥-بەداخەوە هەندێك لە بۆنە کلتورییەکان لە کۆیە تا ڕادەیەک لەناو چوون، ئەوەش لەبەر زۆربوونی خەڵکی شار و پێشکەوتنی لایەنی ڕۆشنبیری و هەروەها لەکاتی هەبوونی نەخۆشی (کۆرۆنا) کە خەڵکی بۆماوەی چەند مانگێک لەماڵەوە خۆیان کەرەنتین کرد ئەمە بووە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئەم هۆکارانەشە وایکردووە کە هەندێك لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان لەناوچن کە موزیك و گۆرانی ڕۆڵیان بەسەرییەوە هەبووە، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات دووبارە لە ئێستادا یادی ئەم بۆنە دەکرێتەوە.

٦ -پەیڕەوانی ئاینی لە شاری کۆیە زۆربەی موسڵمانن و لەسەر ڕێڕەوی سوننەن، پێکهاتەی ئاینی شاری کۆیە لە (موسڵمان و مەسیحی و جولەکە) پێکهاتبون، بەڵام ئێستا تەنها لە موسوڵمان و (مەسیحی) پێکهاتووە.

٧ -موزیك و گۆرانی لە شاری کۆیە زیاتر لە چاو ناوچەکانی تر کاریگەریی لەسەر بۆنە کلتوریەکان بەگشتی هەبوە، لەنێو موسڵمانانی شاری کۆیە و مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە.

### ٢.٣ پێشنیاز

١ -پێویستە زانکۆکان بەگشتی و زانکۆی کۆیە بەتایبەتی گرنگی بەم بەشە بدات، کە ئەرکی پاراستنی کلتوری کۆمەڵایەتی ناوچەییە، پێویستە لە هەمو بەشەکانی زانکۆکانی کوردستان وانەی (ئەنترۆپۆلۆجی موزیکی) بخوێندرێت بە مەبەستی پاراستنی کلتور .

٢ -پێویستە جگە لە کۆلێژ و پەیمانگاکان وانەی (ئەنترۆپۆلۆجی موزیکی) ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت لە ناوەندەکانی خوێندنی بنەڕەتی و دواناوەندی بخوێنرێت، بۆ ئەوەی هەستی پاراستنی کلتوری نەتەوەیی لە هزر و بیریاندا بچێنێتەوە و بەگرنگ لێی بڕوانن.

### ٣.٣ ڕاسپاردە

١ -داوا لەو نوسەر و ڕوناکبیرانە دەکەم لە بواری ئەنترۆپۆلۆجی کاردەکەن، بە هاوبەشی لەگەڵ موزسیانەکان توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن، بە مەبەستی وروژاندنی بابەتە کلتوری و هونەرییەکان و پاراستنیان لە لەناوچون لە ڕێگەی توێژینەوەکانەوە.

٢-داوا لە لایەنی پەیوەندیدار و بە تایبەت ئیدارەی شاری کۆیە دەکەم، گرنگی بەو کەسانە بدات، کە لەم بوارە کاردەکەن و پاڵپشتیان بێت، بۆ هەمو توێژینەوەیەکی لەم جۆرە.

## سەرچاوەکان

باقی، محەمەد حمە، (٢٠٠٢)، مێژووی مۆسیقای کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

باقی، محەمەد حمە، (٢٠١١)، موزیك و گۆرانی کوردی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

برایم، ڕەهبەر سەید، (٢٠١٤)، پرشنگەکانی کەکۆن، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

تۆفیق، زرار صدیق، (٢٠١٤)، کۆمەڵگەی کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانە ڕۆژهەڵات، هەولێر.

جەمال، عەدنان، گۆڤاری ڕامان، ژ١٤٢، (٢٠٠٩)، هەولێر.

حەسەن، سەمیر ئیبراهیم، (٢٠١١)، کولتوور و کۆمەڵگا، وەرگێڕان: عەبدوڵلا زەنگەنە، چاپخانەی ئازاد، کەرکوك.

حەویزی، تاهیر ئەحمەد، (١٩٨٤)، مێژووی کۆیە، چاپخانەی نمیر، بەغداد.

زەکی، محەمەد ئەمین، (٢٠٠٠)، خولاسەیەکی مێژوویی کورد و کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

سعدی، کریم علی، (٢٠١٥)، گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی لە شاری کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

سەعدی، ئالان صلاح، (٢٠١٥)، گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی لە شاری کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر

صلێوە، هاوژین، (٢٠١٣)، مێژووی هەرمۆتە، چاپخانەی زانا، سلێمانی.

غەفور، عەبدوڵلا، (٢٠٠٢)، فەرهەنگی جوگرافی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

کەریم، عادل محمد، (٢٠١١)، چۆن چێژ لە مۆسیقا وەربگرین، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

ئومێد، تۆڵە، (٢٠١١)، جوان ناسی هونەر و سەربەخۆبوونی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

ئەحمەد، وریا، (٢٠٢٠)، مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە، چاپخانەی زانکۆی صەلاحەددین، هەولێر .

رجب، هاشم محمد، (١٩٨٣)، مقام العراقی، منشورات مکتبة المثنی، بغداد.

بلاك، فرد، (٢٠٠٠)، انسانشناسی فرهنگی، محسن پلائی، چاپ چهارم، نشرنی تهران.

مەردۆخ ڕۆحانی، ماجد، (١٣٩٧)، فەرهەنگی زانستگای کوردستان، پەخشنگای زانستگای کوردستان، سنە.

**چاوپێکەوتنەکان:**

عەزیز، سلێمان، چاوپێکەوتن، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٣/١٨) کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە، کات ٥:٠٠ ئێوارە.

خۆزیف، لانس، چاوپێکەوتن، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٣/٢٠) کۆلێژی هونەرە جوانەکان، هەولێر، کات ١١:٣٠: بەیانی.

archive.xelk.org

Kurdipedia. Org

## دور الموسيقى والغناء في الفعاليات الثقافية في منطقة كويه

**ملخص**

نتناول في هذا البحث العلمي المناسبات الثقافية الشائعة التي تلعب فيها الموسيقى والغناء دورًا بارزًا. نهدف إلى تبيان أن فن الموسيقى والغناء يمتلك أثرًا ملحوظًا على الجانب الثقافي لهذه المنطقة، بالإضافة إلى تسليط الضوء على السلوكيات الثقافية وبيان تأثير الموسيقى والغناء على المناسبات الثقافية. من الناحية المنهجية، اعتمدنا المنهج النوعي، وتتركز عينة مجتمع البحث خصيصًا في نطاق منطقة مدينة كويه. يُعد هذا البحث خطوة علمية مهمة وقراءة فنية في مجال أنثروبولوجيا الموسيقى. ونقترح تدريس مادة أنثروبولوجيا الموسيقى—ولو بحدود معينة—في مرحلتي التعليم الابتدائي والثانوي، إلى جانب الكليات والمعاهد، لترسيخ شعور حماية الثقافة الوطنية في أذهان الأجيال الناشئة. يطرح البحث أسئلة محورية: ما هي المناسبات الثقافية المتأثرة بالموسيقى والغناء؟ وهل تختلف المناسبات بين المسلمين والمسيحيين؟ ولماذا تتجه هذه المناسبات الثقافية نحو الاندثار حاليًا؟ وإجابةً على ذلك: نعم، هناك اختلافا بين المناسبات الثقافية الدينية في هذه المنطقة بين الإسلام والمسيحية. وللأسف، تتجه المناسبات الثقافية حاليًا نحو التلاشي لسببين: أولهما التقدم التكنولوجي، وثانيهما ظهور فيروس كورونا عام ٢٠١٩، مما أدى إلى تراجع ممارستها بشكل ملحوظ. وتوصلت نتائج البحث إلى أن الموسيقى والغناء يلعبان دورًا بارزًا في المناسبات الثقافية بالمنطقة، وأن مدينة كوي تمتلك مكانة قوية من الناحية الثقافية، الفنية الموسيقية، الغنائية، الفكرية، الاجتماعية، الدينية، السياسية، والاقتصادية.

**الكلمات المفتاحية:** الموسيقى، الغناء، الأنثروبولوجيا، الثقافة، مدينة كويه .

## The Role of Music And Song in Cultural Events in the Koya

**ABSTRACT**

This research explores the role of music and song in the cultural events commonly observed in the Koya region. The study aims to highlight the significant influence of music and singing on the cultural identity of the region. Using a qualitative methodology based on the Harvard referencing style, the research focuses on a sample specific to the Koya city area. This study contributes to the field of music anthropology and offers an artistic perspective on cultural practices. We propose that, in addition to being included in higher education curricula, music anthropology should be introduced—at least to some extent—in primary and secondary education to help preserve a sense of national culture among younger generations. The research investigates which cultural events in Koya are influenced by music and song and examines the reasons behind their decline. The findings indicate that many cultural events, particularly religious ones, differ between Islamic and Christian traditions. However, these events are gradually disappearing due to the fading of traditional practices and socio-political changes. The study concludes that music and song play a crucial role in shaping cultural events in the Koya region and that Koya holds a prominent position in cultural, musical, social, religious, political, and economic .contexts

KEYWORDS: Music, Song, Anthropology, Culture, Koya.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp268-276